# تکایە بە خەباتی پێشمەرگایەتی و خوێنی شەهیدان ، بەرد مەخەنە سەر رێگەی ڕێنیسانسی کوردستان

**د.فایق محەمەد گوڵپی**

ڕۆشنبیرانی کوردستان خەریکی هەنگاوی سەرەتایین بەرەو پێکهێنانی هێزی ئۆپۆزسیۆن ، لە سەر ڕووی سایتە کوردیەکان و لاپەڕەی هەندێ هەفتەنامەی بوێر ، چەندان وتاری سیاسی و هەندێ بەرهەمی ئەدەبی دەنوسرێت کە بۆن و تامی ڕەخنەی جدی لێوەدێت . ڕەخنە لە سیاسەتی باوی پەیڕەوکراوی باشوری کوردستان . ڕەخنە لە شەڕی ناوخۆیی و دابەشکردنی بەشە ئازادکراوەکەی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و خێزانی تاڵەبانی ، ڕەخنە لە دواکەوتنی یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیەو دەرئەنجامە نەگەتیڤەکانی ، پانتاییەکی فراوانیان لە هزر و زار و خامەی هاوڵاتیان داگیرکردووە . چەمکی دەستخستنە بینەقاقەی بەرپرسە گەندەڵ و فایلچی و کۆنە بەعسی و کۆنە مستەشارەکان ، لە لایەن چەندان نووسەروو ڕۆژنامەنووسی بوێرەوە داهێنراوە و ئاراستە دەکرێت . وا خەریکە پێوەندی سیخوڕانەی نێوان حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستان و دام و دەزگا سیخوریەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ، کە لە سەر حسابی شۆڕشی پارچەکانی تری کوردستان تەواو بووە ، بۆ گشت لایەك ئاشكرا دەکرێت . سیاسەتی نانەتەوەیی و نادیموکراتی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە ، بە تایبەتی لە مەڕ ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوری عێراق و سوورنەبونی لایەنی کوردی لەسەر جێگیرکردنی مافە بنەڕتیەکانی گەلی کورد لە دووتوێی خاڵەکانی ڕەشنووسی دەستوردا ، لە لایەن ڕۆشنبیران و ژنان و گەنجانەوە بە ئاشکرا ڕیسوا دەکرێت . دواتر هەڵسوکەوتی ناشارستانیانەی دەسەڵاتداران بۆ بەزۆر و بە ترس سەپاندنی دەستور لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە ، گرنکترین تەوەرەکانی ژێر نەشتەری ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیرانبوون کە لەم ماوەیەدا بە چڕوو پڕی دەبینران .

ئەم دیاردە ڕەخنەگریە نوێیە سەرەتای پرۆسەی جووڵانەوەی گۆڕنکاری و وەرچەرخانی دیموکراسیە کە پێویستە و کۆمەڵگای کوردەواری چاوەڕوانی دەکات ، ئەم قۆناغە خۆئامادەکردنی هێزی پێشەنگی کۆمەڵگایە ڕووەو سازدانی ڕێنیسانس لە هزری تاك و کۆمەڵگای کوردستاندا ، تا وەك کۆمەڵگا پێشکەتوەکان لە بەرنامەی ئایندەی خۆیدا هاوسەنگیەکی هەمەجۆر لە نێوان پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگادا بەدەستبێنێت و سنورێك بۆ چەوساندنەوە فرە ڕەنگەکان دابنێت . لەم بەرنامە چاوەڕوانکراوەدا زۆڵموزۆری نەتەوەیی ، چەوساندنەوەی چینایەتی ، بندەستکردنی ڕەگەزی ، ناهاوسەنگی ژینگەیی و نیشانەکانی تری دەسەڵاتخوازی و دەوڵەتگەرایی ڕەها ڕووەو کاڵبونەوە و پوکانەوە دەچن . لە شوێنی ئەوان هاوسەنگیەکی نەتەوەیی ، ڕەگەزی ،ئاینی و مەزهەبی ، ژینگەیی ، چینایەتی بەرجەستە دەبێت .

ئاشکرایە ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لە بەرژەوەندی زۆرینەی گەلدایە و دژی بەرژەوەندی کەمایەتیە دەسەڵاتدارەکانی سەرەوە یە ، بۆیە بە ئەرکی خۆیانی دەبینن چەندان ئاستەنگی لەسەر ڕێگەی ئەم گۆڕانکاری و گەشەکردنانە دروستبکەن ، تا درێژە بە دەسەڵاتداریەکەیان بدەن و لەسەر قازانجە مادی و دەسەڵاتپەرستیە ڕوحیەکانیان بەردەوامبن .

لەبەر ئەوەی دەسەلاتدارانی ئەمڕۆی باشوری کوردستان پێشتر لە ڕێگەی خەباتی پێشمەرگایەتی و خوێنی شەهیدانەوە حوکمڕانی کوردستانیان وەرگرتووە ، وە هەر ئەو خەباتە چەکداریەیە کە ڕەوایی بە مانەوەی دەسەڵاتی ئەوان داوە ، بۆیە تا بۆیانبکرێت پێ لە سەر گرنگی خەباتی پێشمەرگانە دادەگرن و هەرکەس و لایەنێك ڕەخنەیان بکات بە چەکی خەباتی پێشمەرگایەتی و خوێنی شەهیدان و قوربانیدان ڕووبەڕوی دەبنەوە . بەڵام ئەبێت هەموو لایەك ئەوەی لا ڕوونبێت کە لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ دەسەڵاتخوازانی کوردستان تەنها لە کاتی تەنگانەو پێگیراندا ، یان لە ژێر فشاری جۆراوجۆردا ناوی شەهید و پێشمەرگەیان بەبیردێتەوە و دەیکەنە قەڵغانی بەرگری خۆیان ، ئەگینا ئەزانین ، ئەوانی شێت و شەیدای پارە و هێز و دەسەڵات ، لە دوای ڕاپەڕینەوە چۆن پێشمەرگە و شەهید و ڕیکخستنە نهێنیەکانی ناوشاریان پەراوێز خست و فەرامۆشیانکردن ، بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی ژمارەی پێشمەرگەو شەهید و ڕێکخستن لە چاو ژمارەی چەکدارەکانی ڕژێم و کۆنە بەعسیەکاندا زۆر کەمبوون ، لەبەر ئەوە دڵدانەوەی پیاوەکانی ڕژێم و ڕاکێشانیان بەلای خۆیاندا پێویستی ئەکرد پێشمەرگە و بنەماڵەی شەهید فەرامۆشبکرێن ، لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بەشێوەیەکی گشتی لە بنەماڵە هەژارەکانەوە هاتبوون ، ئەو ماوەیەش لە شاخ بوون بۆ ئەوە نەچووبون ، سەروەت و سامان کۆبکەنەوە ، هەروا بە هەژاری مابوونەوە ، بەڵام پیاوەکانی ڕژێم خاوەنی سەرمایەی گەورە و کلتووری ماستاوکردن و دەعوەتکردن بوون . بۆیە بۆ کەسانێکی دەسەڵاتپەرست ئاسایی بوو لایەنێکی هەژار و بێدەسەڵات و ژمارەکەم بکاتە قوربانی لایەنێکی دەوڵەمەند و ژمارە زۆر . ئەم جیگۆرکێپێکردنە لە کاتێکدا ئاسان دەبێت کە ڕەوشتی شۆڕشگێڕی و مرۆڤایەتی لەوپەڕی لاوازیدابێت ، وەك ئەو ڕەوشە ڕەوشتیەی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستاندا دەیبینین .

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ، بەبێ زیادکردن ئەمە ڕەوشی ئەو پێشمەرگانە بووە ، کە ساڵانێکی دوور و درێژ گیانی خۆیان لە سەر لەپی دەست دانابوو لە پێناوی ئازادکردنی کوردو کوردستاندا ، بەڵام دوای ڕاپەڕین بە پەراوێزخستن و ژێرپێخستنی مافەکانین ، هەڵسوکەوتیان لە گەڵ کرا ، تەنها لە ڕۆژانی تەنگانەی حزبدا ناویان دەهێنرێت ، یان بۆ شەڕی براکوژی ئامادەیان ئەکەن . ئەو کوردستانەش کە پێشمەرگە بۆ ئازادکردنی تێدەکۆشاو خوێنی ئەدا ، ئەمڕۆ لە ڕێگەی ڕەشنووسی دەستووری دەسەڵاتدارانی باشورەوە بۆ ئامێزی گەرمی عێراقی عەرەبی گەڕێنرایەوە و فاتحەیەکیان بۆ ئازادی کورد و کوردستان خوێند . کەچی دەسەڵاتداران شەرم لە هەڵویستی خۆپەرستانەی خۆیان لە سەر پێشمەرگە ناکەن و

هەرکە نووسەرێك یان هاووڵاتیەك لەسەر دیاردەی گەندەڵی دێتە قسە ، یان ڕەخنە لە ڕەشنوسی دەستوور ئەگرێت ، نوسەرەکانی پاسەوانی حزب و خێزان و بنەماڵە ، یان هەندێ جار بەرپرسەکان بە خۆیان ڕاستەوخۆ ، بۆ داکۆکیکردن و پاساو هێنانەوە بۆ گەندەڵی و کارەکانی تریان ، پەنا دەبەنەوە بەر خەباتی پێشمەرگایەتی و خوێنی شەهیدان . دەڵێن ئێمە پێشمەرگە بووین و کۆنە بەعسیەکان ڕقی ئەوکاتەیان لێمانە ، ئێستە پێمان دەفرۆشن و وتارمان لەسەر ئەنووسن ، یان دەڵێن هەرکەسێك خوێنی نەدابێت و پێشمەرگایەتی نەکردبێت بۆی نیە لە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکان ورتە بکات .

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان ، وەك هەموو لایەك دەزانن زیاتر لە هەشتا ساڵە (لە درووستبوونی دەوڵەتی عێراق) وە ، تا ئەمڕۆ گەلی کورد لە باشوور بە سیاسەت و ڕاپەڕینەوە ، بە خەباتی چەکداری و خەباتی نهێنیەوە ، گرێدراوە ، کەسێك بە گیان ، کەسێکی تر بە زمان ، ئەوی تر بە نان ، بەشداریان لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا کردووە . بنەماڵە هەیە باپیرەیان پێشمەرگە و تێکۆشەر بووە ، دەرفەت بۆ خۆیان

لەبار نەبووە چەکی پێشمەرگایەتی لە شان بکەن ، بنەماڵەش هەیە سەرتاپا بەسەرووماڵەوە بوونەتە قوربانیی کوردو کوردستان بەڵام لەبەر ئەوەی سەربە حزبی مامە و کاکە نین هەر هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نابینن . بۆچی دەبێت بێجگە لە پێشمەرگەو قوربانیدەران کەسیتر مافی هەڵوێست وەرگرتن و یاخیبوونی لە بڕیارەکانی دەسەڵاتداران نەبێت ؟ ئەی بۆچی کوڕە نازدارەکانی خۆیان کە پێشمەرگەش نەبوون هەر هەموو مافێکیان هەیە ، بەڵام هیچ ئەرکێکیشیان بەرامبەر بە کورد نەبووە و نیە ؟ ئەی بۆچی ئەو پیاوانەی جارانی ڕژێم کە ئێستە کادرو بەرپرسی حزبی و حکومین ، چیان بوێت ئەنجامی ئەدەن و کەس پێیان ناڵێت لە کوێوە هاتوون ؟ لێرەدا دەردەکەوێت کە مەسەلەکە شەهید و پێشمەرگە و قوربانیدان نیە ، مەسەلەکە بڕوا نەبونی دەسەڵاتدارانە بە بنەماو پێوانەکانی سیستەمی دیمۆکراسی . مەسەلەکە هەوڵدانە بۆ هێشتنەوەی خۆیان لەو پلەوپایەیەی ئێستایاندا . دەسەڵاتداران هەرکاتێك پێشمەرگەیەك ڕووبەڕویان وەستابێتەوە ، لە سووکایەتیی و ڕەزیلکردنی پێشمەرگە ، درێغیان نەکردووە . بۆیە زۆر گرنگە کە پێشمەرگە ڕیگە نەدەن جارێکی تر چەواشە بکرێن و بازرگانیان پێوە بکرێت ، پێشمەرگە ڕێگە نەدەن بکرێنە قەڵغانی خۆپاراستنی بەر پرسە گەندەڵ و خۆبەدەستەوەدەرەکان ، لە لایەکی ترەوە پێویستە پێشمەرگە خۆیان پەروەردە بکەن و لە پرۆسەی ڕینیسانسی کوردستاندا بەشداری بکەن . چوونکە شۆڕشی ڕاستەقینەی ئەم قۆناغە رینیسانس دەخوازێت ، نەك تەنها ژیانکردن لە سەر سەروەریەکانی ڕابوردوو ، ڕابوردوو گرنگە ، بەڵام دەبێ ئەمرۆشی لەگەڵدابێت ، نەك تەنها ڕابردوی باش و ئەمڕۆی خراب . گرێدانی خەباتیی پێشمەرگانەی ڕاستەقینەی جاران ، بەو خەباتەی کە ئەمڕۆ برێك لە ڕۆشنبیران و گەنجان و ژنان ئەنجامی ئەدەن ، دەبێتە هەنگاوی یەکەمی کۆکردنەوەی تێکۆشانی گەلی کورد و هێزێکی گەورەی لێ پەیدا دەبێت ، کەپێویستیکی ژیانیە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ڕەوای گەلەکەمان . ئەوکات پێشمەرگایەتی دەبێتە پشتیوان و هاندەری ڕینیسانس ، نەك وەك ئەوەی دەسەڵاتداران دەیخوازن کە نوێنەرانی هەردوو چەمکی خەبات بکەن بەگژ یەکتردا و ناکۆکیان لە نێواندا بنێنەوە و خۆیان لە ژێر سێبەری ناکوکیەکاندا ببوژێننەوە .

با لایەنە دەسەڵاتدارەکان چاك بزانن ، کوردایەتی و تێکۆشان ، لە سەر چەند کەس و لایەن و توێژێکی تایبەتی وەك پێشمەرگە و بەرپرسی وەك ئەوان تاپۆ نیە ، هەموو کەسێك ، لایەنێکی سیاسی ، توێژێکی تایبەت ، مافی هەیە لە چارەنووس و ئایندەی خۆی و گەلەکەیدا چالاکی کاریگەری هەبێت ، ئەوەش مافێکی سەرەتایی هەموو تاکێکە و لە سەر ئاستی جهان دانپێدانراوە ، پارتی و یەکێتی ناتوانن ئەم مافە سەرەتاییە لە هیچ کەس و لایەنێك زەوت بکەن .